ئاوێنە بڵاوکراوەیەکی گشتی یە دوو هەفتە جارێک کۆمەڵێک کوردی شاری لیدس دەری دەکەن.
ژمارە سفری ئەزموونی 03/08/05

هەموو کوردێکی ئازادیخواز تەقینەوەکانی لەندەن ڕیسوا دەکات! ئاوێنەش هەموو کارێکی لەو جۆرە بە تیرۆر دەزانێت!



# ئاوێنە ڕەنگدانەوەی ژیانی ئێمەیە

دەربارەی **ئاوێنە** ئاوێنە نوسراوێکی کوردی هەمە ڕەنگە کە لە هەموو بوارێ دەکۆڵێتەوە و لە لایەن کۆمەڵێک کوردی شاری لیدس بڵاو دەکرێتەوە، ئەم کەسانە پەیوەندیان بە هیچ لایەنێک یاخود ڕێکخراوێک یان کۆمەڵەیەکەوە نیە. زۆر بە گرنگمان زانی کە دەست بکەین بە نوسین و بڵاو کردنەوەی ئەم نوسراوە چونکە شاری لیدس پێویستی بە نوسراوێکی ئاوا هەیە کە ڕێنمایی کوردەکانی تیا بکەین بۆ ئەوەی ئاگاداری هەموو ڕوداوێک ببین کە پەیوەندی بە کوردەوە هەبێت بە تایبەتی کوردی بەریتانیا. زۆر جار لەوانەیە بابەت بڵاو بکرێتەوە کە پەیوەندی بە ڕێنماییەکانی وەزارەتی ناوخۆوە هەبێت دەربارەی پەنابەرێتی و تازە هەواڵ لەم بوارەدا، هەروەها چەند بابەتی تریش کە پەیوەندیدارە بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی کورد لێرە.



## لەندەن و ئەرکی ئێمەدوای حەوتی حەوت..

**تیرۆرکردن** لەبەر هەرهۆیەک بێت ترساندنی خەڵکەو کارێکی دژی مرۆڤایەتیە، بێ پێشەکی زیاتر پێم خۆشەئەوەبڵێم کەئێمەی کورد پێویستەلەسەرمان لەدیدگای بیرو بۆچوون و ڕەوشت و مرۆڤدۆستی کوردانەی خۆمانەوەبیر بکەینەوەنەک بەبیری خەڵکانی دیکەیاخود ئایدۆلۆژیای هەندێ لەکوردانی شوێنکەوتوانی ئەوان. وەک کورد، پێویستەلەسەرمان ئەوەنیشانی هاووڵاتیانی ئێرەبدەین کەئێمەدوورین لەتیرۆر وەدژی تیرۆرین، بەڵام ئەمەتەنها بەوەناکرێ لەدڵەوەخەم بخۆین و ئاخ و داخ بەرامبەر تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکان بۆ خۆمان بڵێینەوە. بەڵکو لەجێگای کار، لەجێگای خۆشگوزەراندن و دانیشتنەکانماندا باسی ئەوەبکەین ئێمەهەرچەندەبەڕواڵەت لەخەڵکی دیکەئەچین یان جیاوازین لەدانیشتوانی دیکەی ئێرەبەڵام ئێمەبێ ووڵاتین وەتەنها ئێمەئەزانین ئازاری جەرگ سووتان، دایک یان باوک کوژران، یان کۆمەڵکوژی چ سوێیەکی هەیە، وەتەنها ئێمەئەزانین ئازاری یەک نەبوون یەک نەگرتن چیە. کورد موسڵمانن گەر زۆربەشمان ئینکاری ئەو ڕاستیەبکەین، یاخوود سەرکردایەتی سیاسی کوردستان داوای حوکمی عەلمانیەتیش بکەن ئێمەگەلێکی مووسڵمانین بۆیەدووجار زەرەرمەند ئەبین لەم جۆرەکارانەدا، جارێک بەوەی کەتیرۆریستان تەقینەوەلەئەجوارڕۆد بەهەمان دەستووری کینگز کرۆس ئەکەن و جارێکیش دوای تەقینەوەکان کەلۆمەکەهەمووی ئەکەوێتەسەر مووسوڵمان با هەندێ بادان و خوارکردنەوەشی لەگەڵدا بێت. وەک کورد ئێمەهەمیشەقوربانی دەستی جیاوازی و مل ملانێکانی دەرو دراوسێ و زل هێز و ئیمپراتۆریەت و ئاین و ئایدۆلۆجیا جیاوازەکانی دنیا بووین. لەڕۆژنامەکاندا ناومان لەگەڵ ئەنجامدەرانی لەندەن و شەرمولشەیخدا بەڕووداوەکەی کووش ئاداسی ی تورکیا هاتووەکەبەڕاستی جێگای داخەکەکارێک بکەین لەگەڵ ئەوەشدا داگیرکراوین ناویشمان بەتیرۆریست دەر بچێت. بۆیەهووشیار بوونی ئێمەو بەووردی هەڵسو کەوت کردن لەگەڵ ئەم باروودۆخەناسکەی ئێستای بەریتانیا بەگشتی و یۆرکشەبەگشتی کەزیاتر لیدز و برادفۆرد جێگای تەرکیزەکانەئەرکێکەکەیەکەمجار خۆمان و پاشان کوردانی دیکەی دەوروبەرمان سوودی گەورەی لێ ئەبینن!

ستافی ئاوێنە

لەم ژمارەیەدا ووردەکاری دواهەواڵی هۆم ئۆفیس دەربارەی کێسە ڕەفزکراوەکانی عێراقی و چۆنێتی جواب وەرگرتن بخوێنەوە لە ل ٣




بەڕێزان ئەم بابەتەی خوارەوە لە ڕۆژنامەی Daily Express بلاوکراوەتەوە ئێمە وەکو ستافی ئاوێنە بە باشمان زانی کە وەریبگێڕین و بلاوی بکەینەوە، ئەگەر بە وردی ئەم بابەتە بخوێنیتەوە ئەوا بۆت دەردەکەوێت کە جیاوازی کردن لە نێوان تیرۆریستێک و کەسێکی ئاسایی زۆر گرانە.

ئەو چوار خۆکوژەی کە لە لایەن ملیۆنان کەسەوە وێنەکانیان بینرا کاتێک بەرەو مەرگ بەڕێوە بوون بە جانتاکانیانەوە، هیچ جیاوازییەکیان نەبوو لەگەڵ هەر گەشتیارێکی ئاسایی. بەلام لە هەمان کاتدا کەسێکی وەک (جێرماین لینذزی)ی تەمەن 19 ساڵ هەموو ئەو خەسڵەتانەی بە سەردا دادەبڕێت کە شارەزایان دایانناوە بۆ پرۆفایلی کەسێک کە نیەتی خۆکوژی بێت. شارەزایان وپیاوانی ئاساییش لەم وولاتەدا دەڵێن چەندرێگاو نیشانەیەک هەن کە بە هۆیانەوە دەتوانین تیرۆریستێکی پێ دەست نیشان کەین. ئەو زۆر لەوانەیە پیاوێکی گەنج بێت کە بە شڵەژاوی و بەردەوامی خەریکی جانتایەکی گەورەیە و هەروەک ڕەنگە جلێکی لەبەردا بێت کە نەگونجێت لەگەل کەش وهەوادا.

( Bob Ayers) کە شارەزایەکی هەوالگری و ئاساییشە بە دەیلی ئێکسپرێس ی راگەیاندوە : تیرۆریستەکان زۆر لەوانەیە ماددەی تەقەمەنی دەستکردی مالان بەکاربهێنن کە قەبارەکەی زۆر گەورەیە هەر بۆیە پێوستیان بە کۆڵە پشتی گەورە دەبێت. ئەوان لەوانەیە زۆر بە شڵەژاوی هەڵس وکەوت بکەن، ئارەق دەردەن و تووڕە دیارن تا هێشتا خۆکوژی ئافرەتمان نەبینیوە لە بەریتانیا. بۆیە خۆکوژەکان زیاتر ڕەنگە کلاویان لەسەردا بێت و بەسەر دەم و چاویاندا دادرابێتەوە تاوەکو خۆیان بە دوور بگرن لە دەست نیشانکردنی cctv کامێرا. هەرکەسێک گومانی کرد لە خۆکوژێک(بۆمبەرێک) ئەوا پێویستە پەیوەندی بکات بە ژمارە( 999 ) بەلام Ayersهانی خەڵک دەدات کە هێمن بن، ئەو ووتی ئەگەر تیرۆریستێک شڵەژاو تۆش هاوار بکەیت ئەو کەسە بۆمبی پێ یە، لەوانەیە ئەو یەکسەر خۆی بتەقێنێتەوە. هێمن بە! بگەڕێ بە دوای کەسانێک کە بە گومانەوە هەڵسوکەوت دەکەن و دوورکەوە لە شوێنی قەرەباڵغ. پاڵەوان مەبە و هەڵ مەکوتە سەر ئەو کەسانە. ئەوە وا لێک دەدرێتەوە کە دوو کەس خۆکوژن لە قیتارەکەدا.

پۆلیس لە نیویۆرک سەردەکەونە سەر پاس و قیتارەکان و ڕێبوارەکان فێردەکەن چۆن خۆکوژ بناسنەوە. لەوێ پۆلیس ئامۆژگاری دەکات و دەڵێت (بگەڕێ بە دوای یەکێکدا کە بە بەردەوام دەگەڕێتەوە بۆ جانتایەک).

**باست ناکەم**

تۆ هەرچیت کرد بە دڵی من بە ئەشقی من باست ناکەم دڵنیابە دڵنیا

ئاخر تۆم خۆش دەویست ڕۆژێ لە ڕۆژان بە قەر خۆشەویستی هەموو دونیا

گلەیی ناکەم باست ناکەم

من پێت نالێم بۆچی وات کرد بۆچی هاتی بۆچی ڕۆیشتی؟

هەڵەی من بوو باوەڕم کرد ئاشقانە خۆشم ویستی

من پێت نالێم تۆ بێ وەفای تۆ دڵ ڕەقی خۆ پەرستی

هەرگیز نالێم کە تێناگەی لە ئازار و خۆشەویستی

نەخێر نالێم تۆ خەونێ بووی کە زوو ون بووی لە چاوانم

نالێم بێ تۆ چی بەسەر هات هیوام! حەزم! خەونەکانم!

من پێت نالێم چەندە وێڵم چەندە ڕێگام بڕی بۆ لات

شەو و ڕۆژم خستە سەر یەک بۆ بینینی بەژن و بالات

من پێت نالێم چاوەڕێتم یاخود بگەڕێوە گیانە

بۆ من خۆشە بە یادگاری دڵ خۆش بکەم لەم ژیانە



**ئازیزان...**

ئاوێنە تەنها بە سەرنج و بابەتەکانی ئێوەو بە تایبەتی ڕەخنەکانتان پێشتر ئەکەوێت.

بەردەوام بوون و ڕەنگاوڕەنگتر بوونی ئەم دوو لاپەڕەیە تەنها بە بەشداری چالاکی ئێوە ئەبێت!

دڵنیا بن هەموو بابەتەکانتان بە ووردی ئەخوێنینەوە و ئەنرخێنین!

بۆ پەیوەندی کردن بە ئاوێنە تکایە ئیمەیلمان بۆ بکەن بۆ :

You can e mail us on:
awena.leeds@gmail.com

ئاوێنە بەباشی زانی ئەم هەواڵە بڵاو بکاتەوە چونکە خەڵکێکی زۆر باسی ئەکات و زانیاری دروست و نادروست لەبارەیەوە لە ناو خەڵکدا بڵاوە...

هەواڵەکە دەقی وەرگێڕدراوی هەواڵێکی سایتی www.ncadc.org.uk ی دەزگای هاوپەیمانێتی نیشتیمانیی هەڵمەتەکانی دژی-سنووربەدەرکردنەوەیە(NCADC)، هەواڵەکە لە لایەن سایمن کۆکس لە ژووری یاسایی دۆتی ستریتەوە بەدەستیان گەشتووە.

زانیاری گرنگ بۆ ئەو عیراقیانەی لە بەریتانیان و ڕەفزیان وەرگرتووە لە نێوان 2000/10/1 و 2003/3/20 لەسەر بنەمای ئەوەی کە گوایا دەیانتوانی بچن لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی عێراقییەوە بچن بۆ ژێر دەسەڵاتی کوردەکان نیشتە جێ بن.

ئەو عێراقیانە ئێستا ئەتوانن داوا لە هۆم ئۆفیس بکەن کەوا پەنابەرێتی سیاسیان بدرێتێ. هۆی ئەمەش ئەوەیە کە هۆم ئۆفیس هەتا 2003/3/21 سیاسەتیان وابوو کە نابێت داوا لە پەنابەر بکەن بچێت بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کوردستان بژی. ئەم مەسەلەیە تاکیدی لەسەر کراوەتەوە لە دادگای باڵاو هەروەها دادگای پیاچوونەوە لە کێسی بەختیار ڕەشید دژی هۆم ئۆفیس. دادگا بڕیاری دا کە نەدانی پەنابەرێتی بۆ بەرێز بەختیار ڕەشید خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات بووە، تەنانەت ئەگەر بشی توانیایە بچێت بۆ ناوچەکانی کوردستان یان ئێستا بیتوانیایە بڕواتەوە بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێم.

کەسێک ئەتوانێ سوود لەم بڕیارە وەر بگرێ ئەگەر هەموو ئەمانەی تێدابێت:

- کەسێکی عێراقی بێت.
- پێش دەرچوونی لە عێراق شوێنی ژیانەکەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی سەدام بووبێت لە کاتی ڕەفزەکەیدا.
- هۆم ئۆفیس لە ڕەفزەکەیدا گوتبێتیان ئەو کەسە ئەتوانێت بچێت لە ناوچەکانی کوردستان بژی.
- پەنابەرێتی سیاسی وەرنەگرتبێت .

ئەم مەسەلەیە ئەکرێت بەکاربهێنرێت بۆ کەسێک کەوا ئەپیێلەکەی بە تەواوی ڕەت کرابێتەوە ئایا هۆم ئۆفیس داوای ئەوەیان کردبێت کە ئەو کەسە بچێتە جێگایەکی تر لە عێراق یان نا. بەرێز ڕەشید ئەپیێلەکەی بردەوە هەرچەندە ئەپیلەکەی ڕەت کرابۆوە.

هەمان شت ئەکرێ بەکارببرێت بۆ کەسانێک کەوا پەنابەرێتیان نەدرابێت بەڵام پەنابەرێتی کاتی (ئینسانی)یان درابێتێ.

هەرکەسێک کە پێی وایە سوود لەم بڕیارە وەر ئەگرێت پێویستە داواکارییەکی نووسراو ئامادە بکات و بینێرێت و داوا بکات لە هۆم ئۆفیس بۆ ئەوەی پەنابەرێتی سیاسی وەرگرێت. نووسراوەکەی ئەبێ باسی ڕەشید بکات و ڕوونیشی بکاتەوە کە بۆچی پێویستە بەکاربرێت بۆی. ئەم داواکاریە ئەگەر کرا ئەوا باشترە لە ڕێی پارێزەرەوە بکرێت. داواکاریەکە ئەبێت بەزووترین کات ئەنجام بدرێت.

ئەگەر هۆم ئۆفیس داواکاریەکەی ڕەت کردەوە یان نەیان توانی وەڵامی بدەنەوە لە ماوەیەکی ماقوڵدا، ئەتوانرێ داوا لە پارێزەرێک بکرێت ئامۆژگاری وەرگرێت بۆ داواکردنی چاوپیاخشاندنەوەی یاسایی (جیودیشیاڵ ڕیڤیو) لە سەر هۆم ئۆفیس.

بۆ زانیاری زیاتر:

http://www.bailii.org/ew/cases/EWCA/Civ/2005/744.html

ئەمەش ناوونیشانی سایمن کۆکس

Simon Cox
Doughty Street Chambers
10-11 Doughty Street
London
WC1N 2PL

تەواوی هەواڵەکە لەم لینکەوە وەرگێڕدراوە:

http://www.ncadc.org.uk/archives/filed%20newszines/newszine60/kurds.htm

## پیرۆزبایی

ستافی ئاوێنەپیرۆزبایی
دەکات لەدەستەی
دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی
کوردی برادفۆرد کەبەم
دواییەبەئەرک و ماندوو
بوونی چەند کوردێکی دڵسۆز
و بە پشتیوانی شارەوانی
برادفۆرد دامەزرێنرا.
هیوای سەرکەوتن و
بەردەوامییان بۆ ئەخوازین!

پرۆژەی هەراسانکردنی ڕەگەزیی
لیدز
(بۆ هەموو ڕووداوێک و تاوانێکی
پەیوەندیدار بەڕەگەزپەرستێتیەوە)

تێل: 01132935100
فاکس: 01132935102

دەزگایەکی سەربەخۆیەبۆ لەناوبردنی
ڕەگەزپەرستێتی لەلیدز و
دەوروبەری.

Leeds
Racial Harassment
Project

